# سیستی فیدراڵی لەنێوان یەکێتی ئارەزومەندانەوئەگەری دابەش بونی عێراقدا



**ئەبوبکر ئەحمەد ســـاڵێمان**

bahman@planet.nl

**عێراق وڵاتێکی گەورەی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی بەرهەم هێنانەلەناوچەکەداومەیدانی ململانەو جێگای ئیهتمام وگرنگی سەرجەم وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداریەلەدونیادا ، بەشێکی زۆرلەهێزەسیاسی یەکانی عێراق وابەستەی ئامانج وسیاسەتی بێگانەبون وخەسڵەتی نیشتیمانی ونەتەوایەتی ڕەسەنی خۆیان لەدسەست داوە وئازادوسەربەخۆنین لەبڕیادان ، هەروەهابەهۆی دەست تێوەردانی وڵاتانی بێگانەلەکاروباری ناوخۆی عێراقدا ، کەموزۆرمتمانەی سیاسی لەنێوان هێزەسیاسی یەکانی عێراقدا نەماوەولەجیاتی پاراستنی بەرژەوەندی وڵات ومصاڵحەی نیشتیمانی ، هێزەسیاسی یەکانی عێراق تاتیك وسیاسەت لەگەڵ یەکتردابەکاردێنن ، بەدەرلەهەموئەمانەش لەعێراقیێکداکەکێشەی قەومی تێدایەو زیاترلە50ساڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە حوکمی وئەم وڵاتەی کردووەوبەفەرهەنگی کۆنەپەرستانەوناسیۆنالیستی عەرەبی غەسلی دەماغی جیلێکی تەواولەخەڵکی عێراق کراوە ، ئەمڕۆکەعێراق لەغۆناغێکی نوێ ویەکەم هەنگاوی دیموکراسی دایە ، چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لەسەربنەمای یەکێتی ئارەزومەندانەکارێکی زۆردژوارەوبۆی هەیەببێتەهۆی دابەش بونی عێراق وخولڤاندنی فەزایەکی نائەمن ونائارام لەناوچەکەدا .**

**لەبەرامبەرفـــــشاری ئەمریکاسەبارەت بەمەترسی لەدەست چونی یەکپارچەیی خاکی عێراق وپێش گرتن لەدەوڵەتێکی ئیسلامی لەعێراق ودامەزراندنی چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی ولەوانەش داخوازی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆبەدەســـت هێنانی حکومەتێکی فیدراڵی ، شـــیعەکان چەندین پرۆژەی پێچەوانەیان لەدژی هەوڵەکانی ئەمریکا ئامادەکردوە ، یەکێك لەوانە 3 هەرێمی فیدراڵی یان لەباشـــوری عێراق تەرح کردوە لەژێرناوی ویلایەتی ســـۆمەر ، بەم جۆرە ، هەرێمی یەکەم بریتی یەلە پارێزگاکانی میســـان ، زیقار ، بەســـرە . هەرێمی دوهەم واســـت ، دیوانیە ، ســـەماوە . هەرێمی سێ هەم کربلا ، نجف ، حلە .**

**هەرلەسەرەتاوە ئەمریکامەترسی ئەوەی هەبوکەلەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعـــس ئەگەری ئەوەهەیە شـــیعەکان دەسەڵاتی وڵات بگرن بەدەستەوە و دەوڵەتێکی ئیسلامی لەنمونەی ئێران لەعێراق دامەزرێنن ، ئەمریکابۆئەوەی پێش لەوئەگەرومەترسی یانەبگرێت ، تەرحی دەوڵەتێکی فیدراڵی لەسەربنەمای تائیفی وقەومی دابەئۆپۆزسیۆنی عێراقی**

بەمەبەستی لاوازکردن وکەم کردنەوەی کاریگەری شیعەکان لەناوندی دەسەلاتی دەوڵەتی ئایندەی عێراقدا ، ئێستاش لەدوای ڕوخانی ڕژێم وبەتایبەتی لەم قۆناغەداکە دەستوری هەمیشەیی عێراق دەنوسرێتەوەونەخشەی سیاسی ئە ولاتەسەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە ، ئەمریکالەنزیکەوە وزۆربەوردی چاوەدێری ڕەوشی سیاسی عێراق دەکات وفشاری خۆی بۆسەرشیعەکان توندتردەکاتەوە ، لەلایەکی ترەوە ژێربەژێرخەریکی سازش وتو وێژەلەگەڵ هێزولایەنەمیانەڕەوەکانی سونەوچەکدارەیاخی بوەکانی پاشماوەی ڕژێمی لەناوچو بەمەبەستی دروست کردنی هاوسەنگی دەسەلات لەنێوان شیعەوسونەدا .

مەسەلەی زەق کردنەوەو ڕەواج پێدانی ململانەوکێشەی تائیفی ومەزهەبی لەعێراقدا بەتایبەتی لەنێوان شیعە وسونە وقەتڵ وعامی نەهێنی وفرێ دانی لاشەکانیان بۆناوڕوباری دجلە ، یەکێکەلەنەخشەو پلانەکانی ئەمریکابەمەبەستی زەمینەسازی بەرەولاوازکردنی پەیوەندیەکانی شیعەوسونەوهەڵوەشاندنەوەی ڕیزی یەکگرتوانەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقدا .

ئەگەرئەمریکاهەوڵەکانی خۆی بۆپێکهێنانی هاوپەیمانیەکی بەهێزلەنێوان سونەی عەرەب وکوردلەبەرامبەردەسەلاتی شیعەداجددی بکاتەوە وبەڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسی یانەوپارلەمانی پێی وابێت دەکرێت شیعەکان بخاتە پەراوێزەوە ، بەجیالەوەی کە بەهۆی هەبونی کێشەی قەومی ئەگەری هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لەوجۆرە لەنێوان کوردوعەرەبی سونەداهەوڵێکی نەزۆك وگەمەیەکی لاوازەوگرەوکردنەلەسەرئەسپی دۆڕاو ، شیعەکان کەزیاترلەنیوەی خەڵکی عێراق پێك دەهێنن وهەڕەشەوتەرح کردنی 3 هەرێمی فیدراڵی لە 9 پارێزگای پڕلەنەوتی شیعەنشین ودراوسێی ئێران دا لەژێرناوی ویلایەتی سومەر ، وەرەقەیەکی فشارو ڕەدی ئیعتبارەلەبەرامبەر فشاروهەوڵەکانی ئەمریکاواداخوازی فیدراڵی قەومی حیزبەکوردستانیەکاندا ، ئەم هەنگاوەی شیعەکان هەڕەشەوئامادەباشی یەکی تەواوە بەرەو ڕوبەڕوو بونەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقدا ، وەهەرکاتێك فشارەکانی ئەمریکابگاتەئەوڕادەی کەشیعەکان هەست بەمەترسی لەدەست دانی دەسەلاتی خۆیان بکەن دورنیەجیابونەوەو سەربەخۆی باشوری عێراق لەدەوڵەتێکی یەکگرتودا ڕابگەیەنن ، بەبڕوای من شیعەکان فرسەتێکی مێژویی یان دەست کەوتووەبەهەرنرخێك بێت ئەم دەست کەوتەدەپارێزن .

کۆمەڵگای عێراق پێکهاتەیەکی ناسروشتی یانەی هەیەوبەپێی بەرژەوەندی ولاتانی زلهێزوسەرمایەداری دنیاچەندنەتەوەیەکی جیاوازبەشێوەیەکی زۆرەملێ لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لکێندراون بەیەکەوە ، خەڵکی کوردستان یەکێکەلەونەتەوانەی کەچەندین ساڵەلەژێردەسەلاتی نەتەوەی سەردەست بەچەندین شێوازدەچەوسێندرێتەوە ، هەربۆیەش خەڵکی کوردبەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندی سیاسی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا نابینێتەوە ودەخوازێت لەم ولاتەجیابێتەوەودەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت ، هەمودونیائەوڕاستی یە باش دەزانێت ئەگەرخەڵکی کوردستان مافی ئەوەی هەبێت تەنهایەك ڕۆژسەربەستانەوئازادانەبتوانێت بڕیارلەسەرچارەنوسی سیاسی ئایندەی خۆی بدات هەرلەوڕۆژەدالەعێراق جیادەبێتەوەودەوڵەتێکی سەربەخۆیێك دێنێت ، داخوازی فیدراڵی هەنگاوێکی سەرەتایی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردە بەرەوجیابونەوە هەربۆیەش سەرجەم هێزولایەنەعێراقی یەکان دژی ئەم بیرۆکەیەدەوەستنەوە ، هەربەم دەلیلانەی سەرەوە تەرحی دەوڵەتێکی فیدراڵی لەسەربنەمای ئیختیاری وئارەزومەندانەدەبێتەهۆی هەڵوەشانندنەوەی دەوڵەتی عێراق ودابەش بونی ئەم ولاتە ، ئەگەرلەژێرفشاری ئەمریکا هاوسەنگی هێزی سیاسی لەبەرژەوەندی عەرەبی سونەوکوردبگۆڕێت وسیستمی فیدراڵی لەدەستوری هەمیشەیی عێراقداپچەسپێندرێت ، ئیترتەرحی 3 هەرێمی فیدراڵی لە 9 پارێزگای شیعەنشنی باشوری عێراق دەبێتەمەتڵەبێکی جددی بۆشیعەکان وسەرەتایەك دەبێت بەرەودابەشن بونی عێراق .

بەبڕوای من دابەش بونی عێراق لەبەرژەوەندی عەرەبی سونەدانیەهەربۆیەش ئەوان زیاترلەشیعەکان پێ لەسەرعێراقیێکی یەکپارچەویەکگرتودادەگرنەوەوچارەنوسی ئایندەی سیاسی خۆیان لەگەڵ شیعەکانی باشوری عێراقداولەچوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتودادەبیننەوە ، باشوری عێراق جگەلەوەی ناوچەیەکی بەهێزی ئابوریەوسەرچاوەیەکی گەورەی ئیحتیاتی نەوتی عێراقە لەڕوی جوگرافیشەوەدەکەوێتەسەر ڕاڕەوی دەریایی ولەڕێگای بەندەری بەسرەوەعێراق دەبەســــتێتەوەبەدونیای دەرەوە ، تەنهالایەنێك کەلەدابەش بونی عێراق زەرەرمەند دەبێت عەرەبی سونەیەلەناوەڕاستی عێراقدا ، ئەگەرچی بەپێچەوانەوەخەڵکی کوردستان تەنهالایەنی سودمەند دەبن لەدابەش بونی عێراق ، بەڵام خۆبەستننەوەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردبەگەمەی سیاسی ئەمریکاوبەرژەوەندیەکانی ئیسرائیلەوەلەعێراقدائاسۆیەکی ناڕۆشنی هەیەسەبارەت بەئایندەی سیاسی کوردستان ، جگەلەبەهەدەرچونی ئەوکاتەزێڕینەی کەماوەی 14ســاڵەبۆکوردهەڵ کەوتوەئومێدێکی ئەوتۆی تێدابەدی ناکرێت ، بۆیەلەڕوی بەرژەوەندی قەومی یەوە کوردستانێکی لاوازوسەربەخۆسەدجارباشترەلەفیدراڵیەتێکی ئیداری بێ دەسەلات وژێردەستەی ناسیۆنالیزم عەرەبی لەچوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتوی عێراقدا .

ئەبوبکر ئەحمەد سـاڵێمان
هۆڵــــــندا 2005-6-11